# دادکاری و ئاسەوارە شەرعی ویاساییەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا

د.خەولە همزە حسین1 د.ئەژین نوری اسماعیل2

[2-1] بەشی کارگێری یاسایی/ پەیمانگای تەکنیکی کارگێری هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

بوونی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری کاریگەری لەسەر دادکاری وشوێنەوارەکانی دروست دەکات، بە جۆرێک زۆرلێکردن گرێبەستەکە پووچەڵ دەکات کاتێک ڕایەڵی ڕەزامەندی لە گرێبەستەکە نەهێڵێ، یان گرێبەستەکە نادروست دەکات لە ڕووی شەرعیەوە ئەگەر ڕەزامەندیەکەی لەکەدار بکات کە بە واتایی گرێبەستێکی ڕاگیراو دێت لە یاسادا.

لە میانەی ئەم توێژینەوەیدا تیشك دەخەینە سەر دادکاری وشوێنەوارەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەقە شەرعی ویاساییەکان لەگەڵ دادکاری دادگایەش. ئەوەی تێبینمان کرد لەم توێژینەوەیدا دەقە یاساییەکانی ئەم بابەتەیان ڕێک خستووە پەرش وبڵاوە لە نێوان یاسای شارستانی عێراقی ویاسای باری کەسی عێراقی ویاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان بۆیە هەوڵمان داوە ئەو دەقە یاسایانە کۆبکەینەوە ڕاڤەیان بکەین وشیکاری یاسایان بۆ بکەین، لایەنی کەم وکوڕی ئەو دەقانە بخەینە ڕوو وئاستەنگەکانی بەردەم جێ بەجێ کردنیان بدۆزینەوە، لە هەمان کاتدا هەوڵمان داوە چارەسەرو پێشنیارمان بۆ ئەم دەقە یاسایانە هەبێت بەمەبەستی هەموارکردنەوەی لە لایەن یاسادانەرەوە بە تایبەت ئەو دەقە یاسایانەی تایبەتن بە دادکاری وشوێنەوەرەکانی وەکو هەڵوەشاندنەوە گرێبەست یان مۆڵەت دانی گرێبەستەکە وچۆنیەتی قەرەبووکردنەوە زۆرلێکراو ئەگەر زۆرلێکردن زیانی لێکەتەوە لەگەڵ ڕێکخستنی سزای بەند کردن بەسەر کەسی زۆرلێکەر وەکو شوێنەواری سزایی بۆ ئەم بابەتە.

کلیلە ووشەکان: زۆرلێکردن، دادکاری زۆلێکردن، ئاسەواری زۆرلێکردن، توندوتیژی خێزانی قەرەبووکردنەوە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 15 نوفمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 د.خولة، د. ازين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**پێشەکی:**

گرێبەستی هاوسەرگیری یەکێکە لە گرێبەستە هەرە گرنگ و مەترسیدارەکان کە پێویستە بنیاد بنرێت لەسەر ڕەزامەندی هەردوولایەنی گرێبەست، ئەگەر هەر لایەنێک زۆرلێکرا بۆ بەستنی ئەم گرێبەستە ئەوە ڕەزامەندیەکەی یان نامێنێت یان لەکەدار دەبێت بەوەش کاریگەری دەبێت بەسەر دادکاری وئاسەوارەکانی ئەم گرێبەستە، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە بنوسین لە ژێر ناونیشانی( دادکاری وئاسەوارە شەرعی ویاساییەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا) لە ژێر ڕۆشنایی دەقە شەرعی ویاساکاندا.

یەکەم:هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:

1. زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری دادکاری وئاسەوارەکانی پەرش وبلاوە لە نێوان یاسای باری کەسی عێراقی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ویاسای شارستانی عێراقی ویاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان پێویست بوو دادکایەکانی لە توێژینەوەیکی وا کۆبکرێتەوە ولایەنە باش وخراپیەکانی تیشکی بخرێتە سەر لە ڕووی یاسایی وشەرعیەوە.

2. بابەتی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری باسی لێکراوە لە ڕووی شەرع ویاساییەوە بە لام بەو شێوەی ئێمە نیە کە باسمان کردووە، بە تایبەتی شیکارکردنی ئەو دەقە یاسایانەی هەموار کراینەوە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە یاسای باری کەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.

دووەم: گرنگی توێژینەوە:

1. ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیە بۆ هەموو دادکاری وئاسەوارەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری لە ڕووی شەرعی ویاساییەوە ودادگاییەوە بە زمانی کوردی.

2. هەموو ئەو دەقە یاسایانە ڕاڤە دەکات کە تایبەتن بە زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری بە تایبەتی ئەو یاسایانەی بەرکارن لە عێراق وهەرێمی کوردستان وکەم وکوڕی ئەم دەقە یاسایانە دەخاتە ڕوو تایبەت بەم بابەتە.

3. چەندەها پێشنیارو وچارەسەرمان داوەتە دەست یاسادانەر ودادوەر، چونکە ئەو بابەتە دەقە یاساییەکانی چەندەها کەم وکوڕو بەربەستی یاسایی تێدایە بە تایبەتی ئەگەر زۆرلێکردنی لە گرێبەستێکی هاوسەرگیری هەبوو، سەرجێی (الدخول) ڕوویدا و گرێبەستەکە بە هەڵوەشاندنەوەی کۆتایی هات .

سێیەم :ئامانجی توێژینەوە: لە میانەی ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە:

1. مەبەست لە چەمکی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا چیە وجۆرەکانی چین؟ مەرجەکانی وڕایەڵەکانی چین؟

2. دادکاریەکانی(حکم) زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری چیە لە یاسا وشەرعدا؟ ئایا گرێبەستەکە ڕاگیراو دەکات یان پووچەڵی دەکات یان دروستە؟ ئایا یاسەدانەری عیراقی وکوردستانی سەرکەوتوو بووە لەم دادکاریە؟

3. ئاسەوارە شەرعی ویاسایەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری چیە؟ هەڵوەشاندنەوەو مۆڵەت دانای چۆنە ئەگەر ڕاگیراو بوو؟ قەرەبووکردنەوەکەی چۆنە ئەگەر زیان هەبوو؟ کام یاسا لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ دەبێت لەکاتی بوونی زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری وسەرجێی هەبوو؟

4. ئایا هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بە هۆی زۆرلێکردن بە جیابوونەوەی دادگایی هەڵوەشاندنەوەیە یان تەلاقە بە پێی یاسای باری کەسی عێراقی ؟

5. پێشنیارو چارەسەرمان چیە بۆ دەقە یاساییەکانی تایبەت بەم بابەتە سەبارەت بە و کەموکوڕیانەی کە لە یاسایەکاندا بوونی هەیە؟

چوارەم:ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوە دوو ڕێبازی توێژینەوەمان گرتۆتە بەر، ڕێبازی شیکاری بۆ ئەو بەندە یاساییانەی کە ئاماژە بەو بابەتە دەکەن وەدەرخستنی لایەنی ئەرێنی ونەرێنی ئەو بەندە یاساییانە، هەروەها ڕێبازی بەراوردکاریمان گرتۆتە بەر لە نێوان دادکاری و ئاسەوارە شەرعی ویاساییەکانی تایبەت بەم بابەتە دواتریش بەراوردمان کردووە لە نیوان یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە(188) بۆ ساڵی (1959) هەموارکراو بە یاسای ژمارە(15) بۆ ساڵی( 2008) بەرکار لە هەرێمی کوردستان یاسای باری کەسی ئەو وولاتانەی باسی ئەم بابەتیان کردووە وەکو یاسای باری کەسی ئوردەنی ویاسای باری کەسی کوێتی ویاسای خێزانی مەغریبی ویاسای جەزائیری و یاسای فەڵەستینی ویاسای باری کەسی لیبی.

پینجەم: پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە لە پێشەکی و سێ باس و کۆتایی پێک دێت، لە باسی یەکەم ئاماژە بە چەمکی زۆرلێکردن دەکەین کە تیدا باسی پێناسەی زۆرلێکردن و جۆرەکانی و ڕایەڵەکانی زۆرلێکردن ومەرجەکانی دەکەین، لە باسی دووەمیش ئاماژە بە دادکارییەکانی زۆرلێکردن لە یاسا وشەرع دەکەین، کەچی لە باسی سێیەم تیشك دەخەینە سەر ئاسەوارەکانی زۆرلێکردن لە ڕووی شەرعی ویاساییەوە لە کۆتایش گرنگترین دەرئەنجام وپیشنیارەکانمان بۆ یاسادانەری عێراقی وکوردستانی دەخەینە ڕوو.

باسی یەکەم

چەمکی زۆرلێکردن لەگرێبەستی هاوسەرگیری

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین پێناسەی زۆرلێکردن وجۆرەکانی ومەرجەکانی وڕایەڵەکانی، ئەم بابەتانەشمان لەو خواستانەی لای خوارەوە ڕاڤە کردووە:

خواستی یەکەم

پێناسەی زۆرلێکردن

پێناسەی زۆرلێکردن لەزمانەوانیدا: سەرچاوەی زۆرلێکردن لەسەر شتێک بەو مانایە دێ ئەگەر وای لەکەسێک کرد بەزۆری لێکردن ئەرکێک جێ بەجێ بکات، وە ووشەی زۆری لێکردن ئەگەر بە (بفتح الكاف وضمها)بوو ئە وە سەرچاوەی ناوی زۆرلێکردنە وەهەردووکیان بەیەك واتا دین وە ووشەی زۆرلێکردن (بالضم) بە

مانای ئەستەمی دێت وە بە بزوینی(الفتح) زۆرلێکردن بەو مانایە دێت کە وا لەکەسێک بکەی کە هەڵستێت بە کارێک تووشی سەختی بێتەوە یاخود کەسێک تووشی سەختی بکەیتەوە بە هەڵسانی بە ئەنجامدانی کارێک (الرازي،1950، 434) و(ابن منظور،بلا سنة الطبع، 54) ، بەبەڵگەی ئەوەی خوای گەورە دەفەرموویێت لە ئایەتی(حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا )( سورە الاحقاف،15)، وەبەبەڵگەی فەرموودەی پەروەردگار ( فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِين ) (سورە فصلت، 11).

وە پێناسەی زۆرلێکردن لە رووی زارەوەییەوە: بریتیە لەوەی کە کەسێک هەستێت بەئەنجامدانی کارێک بەزۆر لێکردن) (ابن عابدين، 1984، 228)، بەڵام سەبارەت بە پێناسەی زۆرلێکردن لەزارەوەی ئاینزایانی ئیسلام لە گرێبەستی هاوسەر گیری بۆچوێکی تایبەتیان نیە بۆی بەڵام پێناسەی زۆرلێکردنیان کردووە بەشێوەیەکی گشتی(السرخسي،305،2000) و(الشافعي،1980، 24)و( ابن قدامة، 103،1988) ( ابن حزم الظاهري، 330).

لەم پێناسانەی پیشوو بۆمان دەردەکەویت کەمانای زمانەوانی وزاراوەیی زۆرلێکردن یەکدەگرنەوە یەك گرتنەوەیەکی تەواو.

بەڵام لە زاراوەی یاسایدا زۆرلێکردن وا پێناسەی کراوە کە (وا لە کەسێک بکرێت کە کارێک بکات بەبێ ڕەزامەندی یان ناچار بکرێت )(محمود، بێ ساڵی چاپ کردن، 9).

یاسای شارستانی عیراقی ژمارە(40) بۆ ساڵی (1941)پێناسەی زۆرلێکردنی کردووە لە بەندی ( 135) بەم شێوەیە:(زۆر لێکردن واتا کەسێک بەزۆری بەبێ ماف کارێک بکات بەبێ ڕەزامەندی کە زۆرلێکردنەکە بەرجەستەیی بێت یان نا بەرجەستەیی).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی باسمان کرد دەتوانین پێناسەی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری بکەین بەم شێوەیە ( ئافرەتێک یان پیاوێک ناچار بکرێت کە گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستی بێ ڕەزامەندی خۆی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی زۆرلێکردن بە گوفتار بێ یان بە کردار).

خواستی دووەم

جۆرەکانی زۆر لێکردن

لە چوارچێوەی ئەم خواستەدا هەوڵ دەدەین ڕۆشنایی بخەینە سەر جۆرەکانی زۆری لێکردن و مەرجەکانی وڕایەڵەکانی بەم شێوەی لای خوارەوە:

لقی یەکەم

جۆرەکانی زۆر لێکردن

ئاینزانەکانی شەریعەی ئیسلامی زۆر لێکردنیان دابەش کردووە بە دوو شێوە، ئەویش زۆر لێکردن بە ماف وە زۆرلێکردن بەبێ ماف بە ڕەچاوکردنی زۆرلێکراو، بەڵام ئاڕاستەکەی تر لە زانایانی زاهیرەکان دابەشیان کردووە بۆ زۆر لێکردن( بە گوفتارو کردار)(محمود،2011، 26).

یەکەم/ دابەش کردنی زۆر لێکردن بە ڕەچاوکردنی زۆر لێکراو کە دوو جۆرە:

1/ زۆر لێکردن بە ماف: ئەم زۆرلێکرنە ڕەوایە (ڕێگە پی دراوە، واتا نە ستەمی تێدایە نە تاوان وە دوو فەرمانی تیدایە، یەکەمیان زۆرلێکەر مافی هەڕەشەی هەیە بەوەی کە هەڕەشەی لێکراوە وە دووەمیان زۆرلێکەر مافی ئەوەی هەیە پابەندبێت بەوەی لەسەریەتی بۆ نموونە زۆر لێکردن لە گەڕانەوەی پشت تێکەر کە پیاوەکەیە بۆ لای ژنەکەی یان ژنە تەڵاق دراوەکەی ئەگەر ماوەی پشت تێکردن ( الايلاء) بەسەرچوو(مسعود،2006، 79).

2/ زۆرلێکردن بەبێ ماف :

ئەو زۆرلێکرنەیە لەسەر فەرمانێک دەکرێ کە ڕێگە پێنەدراوە لە یاساو شەرع کە قەدەغە کراوە لە قەدەغە کردنی ئامرازەکەی یان قەدەغە کراوە بەوەی داوا کراوە، وە ئەوەش وەك زۆر لێکردن لەسەر کوشتن یان زینا کردن، ئەو زۆرلێکردنەش یان بە کرداروگوفتاری شیاوە یان نەشیاوە لە شەرع (السيوطي، 1990، 309).

دووەم/ زۆرلێکردن دابەش دەکرێت بە ڕەچاوکردنی زۆرلێکردنەکە بۆ :

ا/ زۆرلێکردنی ( پەنابەربردن) تەواو(الاكراه الملجئ) : ئەو زۆرلێکردنە تەواوەیە کە ڕەزامەندی ناهێڵیت وە هەروەها نەهێشتنی مافی هەڵبژاردنی کەسی زۆرلێکراو ناهێڵی وەکو هەڕەشە کردن بە لێدان یان هەڕەشە کردن بە کوشتن یان برینەوەی یەکێک لە ئەندامەکانی لەش یان هەڕەشەیەکە کە ترس دروست دەکات لەسەر دەروونی کەسەکە یان لەسەر لەناوبردنی سامانی کەسەکە ئەوە هەڕەشەی بەرجەستەیە ئەو زۆرلێکردنە کار دەکاتە سەر ڕەزامەندی و هەڵبژاردن پێکەوە(علي، 2017، 17).

ب/ زۆرلێکردنی( ناپەنا بردن) ناتەواو ( الاكراه غير الملجئ): هەڕەشە کردن لەم زۆرلێکردنە لەسەر دەروون یان ئەندامی لەش یان هەموو پارەکە ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوە هەڕەشە کردنە بە بەندکرد کردن یان لەناو بردنی بەشێک لە پارەی یان لێدانی بەڵام ئەندامی لەشی لەناو نەبات، ئەم جۆرە ڕەزامەندی ناهێڵیت بەتایبەتی هەر زۆر لێکەرێک بتوانێ ئارام بگرێ لەسەر زۆرلێکردنەکە، لێرەدا کەسی زۆرلێکراو مافی سەرپشکردنی دەمێنێ کە کارەکە ئەنجام بدا یان نا ئەمەش بە پێی کاریگەری زۆرلێکردنەکە دەبێ لەسەر خودی کەسەکە بۆ نموونە پیرێک یان منداڵێک کەمتر بەرگە دەگرێ لە گەنجێک یان کەسێکی پێ گە یشتوو(مسعود،2006، 82).

سێیەم/ زۆرلێکردنی مۆراڵی (ئەدەبی):

ئەو جۆرە زۆرلێکردنە هەڕەشەیە بە ئازار بە مافی یەکێک لە نەوەکانی یان باوانی کەسی زۆرلێکەراو، وەکو باوك و کوڕ، یان ژن و دایک، وە هەروەها هەموو ئەوانەی کە بەیەك ناشێن لە ژن وپیاو وەکو براوخوشك .

وە ئەو جۆرە زۆرلێکردنە ڕەزامەندی کەسەکە ناهێڵێت وە سەرپشك کردنی پێویست لەناو نابات لەبەر ئەوەی ڕەزامەندی پێویستە لە دروستی سەرپشك کردن( الزحيلي، بلاسنە الطبع،213 ).

یاسای شارستانی عێراقی لە بڕگەکانی (2،3) لە بەندی (112) ئاماژەی بە جۆرەکانی زۆرلێکردنی پەنابەر ( تەواو) و ناپەنابەر( ناتەواو) کردووە بەم شێوەی لای خوارەوە: (2- زۆرلێکردن پەنابەر (

تەواو) دەبێت ئەگەر هاتوو هەڕەشەکردن بە مەترسیەکی گەورەبوو وەکو تێکچوونی دەروونی یان لەناو بردنی ئەندامی لەشی یان لێدانی بە توند و تیژی یان ئازاردانی بەهێز یان مەترسی لەناو بردنی پارە وە زۆرلێکردن بە نا پەنابەر( ناتەواو) دەبێت ئەگەر هاتوو هەڕەشە بوو وە هەروەها جگە لەمە وەکو بەند کردنی وە لێدان بەپێی بارودۆخی خەڵك . 3- وە هەڕەشە کردنی وزیان گەیاندن بە دایک وباوك یان هاوسەر یان ئازاردانی ئەوانەی پی نەشیاو کراون لە ژن وپیاو یان هەڕەشە کردنی مەترسیدار کە شکۆی خەوشدار بکات بە زۆرلێکردن دادەنرێت وە زۆرلێکردنەکە بە پەنابەر یان ناپەنابەر دادەنرێت بە گوێرەی بارودۆخەکان).

خواستی سێیەم

ڕایەڵەکانی زۆرلێکردن ومەرجەکانی

زۆرلێکردن سێ ڕایەڵی هەیە کە بریتییە لە زۆرلێکراو وزۆرلێکەر و (هۆکاری زۆرلێکردن ) هەر ڕایەڵێک لەم ڕایەلانە چەند مەرجێکیان هەیە باسیان دەکەین لەم لقانەی خوارەوە:

لقی یەکەم

زۆرلێکەر (المكره)

زۆرلێکەر ئەو کەسەیە کە وا لە کەسی زۆرلێکراو بکە کە هاوسەرگیری ئەنجام بدا بە چەند ئامرازێکی دیارێکی بە مەرجێک توانای ئەوەی هەبێت کە هەڕەشەکەی بگەیێنێتە سەر ئەگەر گرێبەستە هاوسەرگیریەکە ئەنجام نەدرا( الجبوری، 2012، 175).

یاسای شارستانی عێراقی لە بەندی ( 113) ئاماژەی بەم ڕایەڵە کردووە بەم شێوەیە(بۆ ئەوەی زۆرلێکردن بە دی بێت پێویستە زۆرلێکراو لە توانای هەبێت هەڕەشەکەی ئەنجام بدا ......). بە گوێرەی ئەم بەندە یاسایە خاوەنی زۆرلێکردنەکە باوك یان برا بێ یان یەکێك لە لایەنەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بێ بۆ نموونە پیاو زۆری دەکات لە ژن بەڵام هەتا وەکو باوك یان برا بێت وەجگە لەمە زۆرلێکردن ژنی پێگەیشتوو عاقڵ یان پیاوی پێگەیشتوو وعاقڵ ئەگەر ڕازی بوو بە هاوسەرگیریەکە لە بەر شەرکردن وئابڕۆ لە خاوەن دەسەڵاتی زۆرلێکردنەکە ئەگەر پەیوەست نەبوو ئەو ئابڕۆ و شەرمە ئەوە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی زۆرلێکردن وبە زۆرلێکردن هەژمار دەکرێ( الكاساني، 1986، 175).

لقی دووەم

زۆرلێکراو

زۆرلێکراو: ئەو کەسەیە کەوا زۆری لێدەکرێت لە لایەن زۆر لێکەرەوە بەوەی کە دەیەوێت بۆی بکات لە داهاتوو بە گوفتار بێت یان کردار بێت یان وازهینان، بۆ ئەوەی کەسێک بە زۆرلێکراو دابندرێت دەبێ دوو مەرجی تێدا بێت:

یەکەم: زۆرلێکراو وا گومان بکا کە زۆرلێکەر ئەوەی هەڕەشەی پێکردووە جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەگەر وا گومانی برد کە ئەو زۆرلێکردنە تەنها هەڕەشەیەکە وترساندنێکە وزۆرلێکەر جێ بەجێ ناکات ئەوە بە زۆرلێکراو داناندرێت.

دووەم:دەبێت زۆرلێکراو نەتوانێت ڕێگری لە زۆرلێکەر بکات بە هەڵاتن لە زۆرلێکردنەکە یان هانا بردنە بەر کەسانی تر یان بەرگری وە ئەگەر هاتوو زۆرلێکراو توانی ڕزگاری بێت لەو زۆرلێکردنەی کە هەڕەشەی لێکراوە بەو ڕێگایانەی کە باس کرا بە زۆرلێکردنی ڕاست دانانرێت وە هیچ شوێنەواری شەرعی لێناکەوێتەوە( مسعود، 2006، 82).

سەبارەت بە کەسی زۆرلێکراو لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ژنەکە یان پیاوەکە دەبێ یان سەرپەرشتیارەکان دەبێت، دەشکرێ سەرپەرشتیار زۆری لێ بکرێت بەوەی کە بەزۆر ئەوانەی لە ژێر سەرپەرشتی ئەودان هاوسەرگیریان پێی ئەنجام بدە وەکو بچووك وشێت، مەرجەکانی زۆرلێکراویش لە بەندی (113) لە یاسای شارستانی عێراقی ئاماژەی پێکراوە لە نیوەی دووەم کە تێدا هاتووە (..........کە زۆرلێکراو دەترسێت لە ڕوودانی ئەو هەڕەشەی کە لێکراوە کە ئەو گومانە بەسەری زاڵ بێت کە ڕوودانی زۆرلێکردنەکە بەسەر جێ بەجێ دەکرێ ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدا کە زۆرلێکەر داوای لێکردووە ئەنجامی بدات).

لقی سێیەم

ئامرازەکانی زۆرلێکردن ومەرجەکانی

مەبەست لە(المكره به)ئەو ئامرازانەیە کە زۆرلێکەر بەکاری دەهێنێت لەدژی کەسی زۆرلێکراو ووای لێدەکات کە کارێک یان گوفتارێکی بۆ ئەنجام بدە، یان ناچاری بکات ئەو هەڵسووکەوت و داواکارییانەی لێ داوا دەکات بۆی ئەنجام بدە بەبێ ڕەزامەندی خۆی. ئامرازەکانی زۆرلێکردن زۆرن و جیاوازن لەوانەیە ئامرازەکان بەرجەستەیی بن، کەتووشی جەستەی زۆرلێکراو دەبێت بە شێوەیێکی ڕاستەوخۆ وەکو کوشتن و پارچەکردن و لێدان وئەشکەنجەدان وبەندکردن، وەئەو ئازارانەی دەکەوێتە سەرجەستەی مرۆڤ کە زۆرلێکراو ناتوانێت ئارام بگرێت کە کاری لەجەستەی کردبێت بەکردار یان گوفتار. کۆی ئاینزاکان (جمهور الفقهاء)وای دادەنێن کە ئەو ئامرازانە هەموویان ڕەزامەندی وسەرپشك کردن ناهێڵن وەپاڵنەری مرۆڤ دەبێت کە گوێڕایەڵی زۆرلێکەر بێ( الكاساني، 1986، 175) و( ابن القدامة المقدسي، بێ ساڵی چاپ، 252).

یان ئامرازی نابەرجەستەیین(المعنوى) بۆ نموونە زۆرلێکەر هەڕەشە دەکات لە زۆرلێکراو بە لەناو بردنی هەموو پارەکەی یان بەشێکی ئەگەر هەڵسوکەوتێکی بۆ ئەنجام نەدات کە خۆی نایەوێت بیکات، هەموو زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر ئەو پارەیەی زۆرلێکراوی پێ هەڕەشەکراوە بەلەناو بردنی ئەگەر کەم بێت ئەوە بە زۆرلێکردن داناندرێت چونکە بەتەواوی زیانی پێ ناگەیێنێت بەڵام ئەگەر هاتوو ڕێژەی پارەکە زۆر بوو زۆرلێکراو پێ زیان مەند دەبوو ئەوە هەڕەشەکردن بەلەناو بردنی بە زۆرلێکردن ئاژمار دەکرێ( ابن القدامة المقدسي، 1988، 353) و ( ابن عابدين، 1984، 110).

هەندێ ئامرازی تریش هەیە بۆ زۆرلێکردن وەکو ئابڕۆ بردن ونەهێشتنی شکۆ یان هەڕەشەکردن لەکەسێک کە ببێتە زیانی دەروونی بۆ نموونە پیاوێک هەڕەشە بکە بە ئابڕۆ بردنی ئافرەتێک

ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ نەکات ئەوە ئەو هەڕەشەیە بە زۆرلێکردن دادەنرێت.

ئامرازەکانی زۆرلێکردن وکاریگەریان لەسەر خودی کەسەکان جیاوازە هەندی پێ کاریگەر دەبێ هەندێک پێ کاریگەر نابێ، بۆیە ئاینزاکان چەند مەرجێکیان بۆ داناوە کە ئەمانەن:

یەکەم/ دەبێ زۆرلێکراو بە ئامرازی زۆرلێکردنەکە زیان مەند بێت، بۆ نموونە ئەو ئامرازەی کە زۆرلێکەر بەکارهیناوە لە زۆرلێکردنەکەی ببێتە هۆی مردنی کەسی زۆرلێکراو یان لە ناچوونی ئەندامێکی جەستەی یان لێدانی بە لێدانێکی بە ئازار یان لە ناو بردنی ماڵ وسامانی یان ئازار بە کەسێکی ئازیزی زۆرلێکراو بگەیێ ئەوەمەرجەش هەموو ئاینزاکان لەسەری کۆکن.

دووەم/بوونی ئامرازی ڕێگە پێنەدراو ( الوسيله غير مشروعه) مەبەستیش ئەو ئامرازەیە کەمرۆڤ نابێت بەکاری بهێنێت لە دژی مرۆڤێکی تر وەکو هەڕەشەی خنکاندن یان کوشتن یان سووتانی خانووی کەسی زۆرلێکراو یان ڕفاندنی کوڕەکەی یان یەکێک لە خزمەکانی( يعقوب، 2010، 8).

سێیەم /ئامرازی زۆرلێکردنەکە توندتر بێ زیانەکەی لە و هەڵسوکەوتەی کە لە زۆرلێکراوە؛ بۆ نموونە ئامرازی هەڕەشە کردن بە کوشتن بۆ ناچارکردنی کەسێک کە گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستێ ئامرازە زۆرلێکردنەکە کە کووشتنە زیانی زۆرترە لە بەستنی گرێبەستەکە وە زۆر گرنگتر ولەپێشترە لە بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئامرازی زۆرلێکردنەکە زیانی کەمتر بوو ئەنجام دانی هەڵسووکەوتی داوا لێکراوەکە ئەوە کەسی زۆرلێکراو نابێت بچێتە ژێر باری هەڕەشەی زۆرلێکردنەکە لێرەدا هەڕەشە لێکردنی بە بردنی پارەی زیانەکە کەمترە لە بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە ( السرخسي، 1993، 49) و( ابن عابدين، 1984، 110).

باسی دووەم

دادکاریەکانی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن لە شەرع وياسادا

لە چوارچێوەی ی ئەم باسەدا هەوڵ دەدەین دادکاریەکانی گرێبەستی بەزۆرلێکردن لەشەرع وياسا بخەینە ڕوو، ئەمەش لەمیانەی چەند خواستێک باس دەکەین:

خواستی یەکەم

دادکاری گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن لەشەریعەی ئیسلامی

ئاینزاکانی شەریعەی ئیسلام جیاوازن لەحوکمی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن، هەندێکیان دەڵێن گرێبەستێکی دروستە وە هەندێکی تر دەڵێن گرێبەستێکی پووچەڵە وەهەندێک لە ئاینزاکانی سەردەمیش(الفقهاء المعاصرين) بۆ ئەوە دەچن کە گرێبەستێکە لکاوە بە موڵەت پێدانی کەسی زۆرلێکراو واتا ڕاگیراو دەبێت بەم شێوەی لای خوارەوە:

لقی یەکەم

بیروڕای ئەو ئاینزانانەی دەڵێن گرێبەستەکە پووچەڵە

زۆربەی ئاینزاکان بۆ ئەوە دەچن کە ڕەزامەندی مەرجە بۆ بەستنی هاوسەرگیری وەهەروەها هاوسەرگیری زۆرلێکراو ڕێگە پێدراو نیە وەئەوانەی وایان ووتووە مالکیەکان وشافعیەکانن وەهەروەها لە لای حەنبەلیەکان وزاهیرەکان وزەیدیەکانیش باس کردنی هەیە ( الطرابلسي، 1992، 453) و( العسقلاني، 1949، 319) و( ابن تيمية، 1987، 33) و( ابن الحزم، بی ساڵی چاپ، 310).

وەبەڵگەی هاوەڵانی ئەم بیروڕایە ئەوەیە کەڕەزامەندی مەرجە بۆ ڕێگە پێدانی هاوسەرگیری، وە هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن ڕێگە پێدراو نیە وەبەڵگەیان هێناوەتەوە بە قورئان وسونەت بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم/قورئان:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووی:( إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ)( سورة النحل، 106).

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بکرێت وەخوای گەورە ئەوەی بە ئاخاوتن بێ باوەڕ دەبێ بە زۆرلێکردن تا بێ باوەڕی خۆی دەربڕێ ئەوە دادکاری(حكم) بێ باوەڕبوونەکەی نامێنێت، چونکە لە ناخەوە وای نەگووتەوە وەلە دڵەوە باوەڕدارە بە هەمان شێوە هاوسەرگیری بە زۆرلێکردنیش هەمان دادکاری هەیە ( الشافعي، 1980، 209).

دووەم/سونەتی پیغەمبەر(د.خ):

گێردرایەتەوە لە ئیبن عەباسەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ)کە فەرموویەتی (خوای گەورە هەڵە وبیرچوونەوەی لە ئومەتەکەی ناگرێت وەئەوەی زۆرلێکردنی لەسەر کراوە کە بیکەن( العسقلاني، 1949، 39). ئەم گوفتارەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسە ربێ) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوسەرگیری زۆرلێکراو دروست نیە( الصنعاني، 1920، 152).

لقی دووەم

بیروڕای ئەو ئاینزانانەی کە دەڵێن گرێبەستەکە دروست و پابەندە

خاوەنی ئەو بیروڕایانە ئاینزانانی حەنەفیەکان وەحەنبەلیەکانن کە دەڵێن ڕەزامەندی مەرج نیە بۆ پێویستی هاوسەرگیری وە هەروەها ڕێگە دەدەن بە هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن( الكاساني،1986، 300) و( السرخسي، 1993، 94). ئەم ئاینزایانە بەڵگەیان هێناوەتەوە بەو دەقانەی کە هەیە لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەربێ) وبەڵگەی هزر(المعقول) وپێوانە(القياس) بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم/قورئانی پیرۆز:

*A. بە پێ هەموو ئەو دەقانەی باسی هاوسەرگیری دەکات لە قورئانی پیرۆز کە دەفەرمووێ: (وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ)( سورة النور، 32)، ئەم ئایەتە فەرمان بە هاوسەرگیری ئەوئافرەتانە*

*دەکات کە مێردیان نیە بێ ئەوەی ئەو هاوسەرگیریە تایبەتمەند بکات بە هاوسەرگیرێکی بە ڕەزامەندی یان بە زۆرلێکردن ( الکاساني، 1986، 251).*

دووەم/سونەتی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێ):

لە یەکێک لەو فەرموودانەی دەفەرموویێت: (سێ شت بە هەند وەگرتنیان بەهەند وەگیراوە وە گاڵتەکانیشیان بە هەندوەگیراوە: هاوسەرگیری وتەڵاق وگەڕانەوە) ( الترمذي، ج3/بی ساڵی چاپ، 490).

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕەزامەند هەبێ یان نەبێ یان مەرج نیە وکاریگەری لەسەر دروستی هاوسەرگیری نیە چونکە ئەگەر گاڵتە کردن قبوڵ بێت لە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەوە بەستنی هاوسەگیری بە زۆرلێکردن پلەیێک لە پێشترە لە گاڵتە کردن بۆ دروستی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە (السرخسي، ج1993/5، 95).

سێیەم/پێوانەکردن (القیاس):

پێوانە کردنی هاوسەرگیری لەسەر تەڵاق وفرۆشتن وئازاد کردن بە ماڵ ( العتق علی المال) :هەموو ئەوانە مەرج نیە مافی هەڵبژاردنیان هەبێ، مافی هەڵبژاردن پێویستە بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست. وە نەمانی مەرجەکانی هەڵبژاردن گرێبەستی نادروست دەکات(فاسد) بەڵام هاوسەرگیری پوچەڵ نابێت بە مەرجی نادروست وە ڕانەگیراوە لەسەر دروستی وپێویستی لەسەر ڕەزامەندی تەواو، ڕەزامەندی تەواو دەبێ دوای بینینی هەروەکو فرۆشتن پاشان نەبینینی ڕێگری نیە لە دروستی هاوسەرگیری ( السرخسي، ج1993/5، 95).

چوارەم /هزر(العقل):

زۆرلێکەر گوفتار دەکات بە زمانی خۆی نەك زمانی کەسێکی تر، وەئەگەر ڕەزامەند نەبوو ئەوە ڕێگر نابێت لە هەڵبژاردن بە واتای ئەوەی کەسی زۆرلێکەر خراپی گوفتارەکەی دەزانێ، جا ئەو کەسە زۆرلێکراوە یان هەڕەشە کردن قبوڵ دەکات یان گرێبەستەکە دەبەستێ واتا کام ساناترە بۆی ئەویان هەڵدەبژێرێت( الزیلعي، ج2/ بی ساڵی چاپ، 195-196).

لقی سێیەم

بیروڕای ئەو ئاینزایانەی دەڵێن گرێبەستەکە ڕاگیراوە

هەندێک لە ئاینزانە هاوچەرخەکان وای بۆ دەچن کە گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن ڕاگیراوە لەبەر ئەوەی زۆرلێکەر لەسەر هاوسەرگیری مافی هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان ئەوەی کە ڕەزامەند بێ یان گرێبەستەکە هەڵوەشێنیتەوە دوای هەڵگرتنی زۆرلێکردنەکە. کە دەتوانرێت وا دابندرێت کە گرێبەستێکی ڕاگیراوە لەسەر ڕێگەپێدانی لایەنی زۆرلێکراو، لەبەر ئەوەی گرێبەستی دروست وڕاست پێویستی بە ڕێگەپێدان نییە، هەر وەکو گرێبەستی پووچەڵ لکاوە نییە بە ڕێگەپێدان بەڵکو هەڵدەوەشێتەوە.

لێژنەی هەمیشەیی فەتوا وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە(دادکاری ئیسلام چیە بۆ ئەوەی هاوسەرگیری کرد بە زۆرلێکردن؟ دەڵێت ئەگەر ڕەزامەندی نەبوو لە گرێبەستێکی هاوسەگیری ئەوە فەرمانەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ لای دادوەر بۆ چەسپاندنی گرێبەستەکە یان هەڵوەشاندنەوەی( الدویش، ج8، بێ ساڵی چاپ، 251).

ئیبن عوثیمە ین دەڵێت( ئەگەر گووتمان گرێبەستی بە زۆرلێکردن نا دروستە دەبێ هەڵ بوەشێندرێتەوە چونکە لە بنەڕەتدا دروست نیە، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە سەرجێیی لەگەڵ کرابوو (الدخول) وبە پیاوەکە ڕازی بوو و گرێبەستەکەی قبوڵ کرد ئەو گرێبەستەکە دروست دەبێ لەسەر بنەمای ڕەزامەندی بوونەکەی کەواتە گرێبەستەکە ڕاگیراوە)( الجبوري، 2012، 181).

لە کتێبی (مناهج الصالحین) ئاماژە بەوە کراوە ئەگەر هەر ژن وپیاوەکە زۆریان لێکرا تا گرێبەست بەستن پاشان ڕەزامەندبوون ئەوە گرێبەستەکە دروستە وە هەمان دادکاری جێ بەجێ دەبێت ئەگەر یەك لایەنی گرێبەستەکە زۆری لێکرا( الخوئي، بێ ساڵی چاپ،262).

بیروڕای دروست یان گەڕاوە ( الراجح) و تاوتوێکردنیان:

ئێمە وای دەبینین کە زۆرلێکردن لەگرێبەستی هاوسەرگیری بەپووچەڵ دادەنرێت ئەگەر پەردە کردن (سەرجێیی) رووی نەدابێت لەبەر نەبوونی مافی هەڵبژاردن وەهەروەها نەبوونی ڕەزامەندی تیایدا، بەڵام دوای سەرجێیی کردن ( الدخول) ئێمە پشگیری بیروڕای ئەوانە دەکەین کە گرێبەستی هاوسەرگیری زۆرلێکراو بەگرێبەستێکی ڕاگیراو دابندرێ لەسەر ڕێگەپێدانی زۆرلێکراو لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم/خوای گەورە دەفەرمووێ: :( **إِلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ** )( سورة النساء، 29) ، ئەم دەقەی قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر هاتوو مرۆڤ لەفرۆشتن ڕێکەپێدراو نەبێت زۆرلێ بکرێت ئەوە لەگرێبەستی هاوسەرگیری لە پێشترە.

دووەم/گریمانە ئەگەر پیاوێک هەڕەشەی لە سەرپەرشتیاری ژنێک کرد لە هاوسەرگیری پاشان ژنەکە یان سەرپەرشتیارەکە کە زۆریان لێکراوە ڕەزامەندبوون وە دواتر ژنەکە ڕێگری کرد لە سەر جێیی کردن وەپیاوەکە زۆرلێکرد و سەرجێیی لەگەڵ کرد و لێرەدا ژنەکە زۆرلێکراوە، ئایا دەتوانین بڵێن ئەم هاوسەرگیرییە دروستە ؟ ئەوە لەلایەك وەلەلایەکی تر ئەگەر ژنە زۆرلێکراوەکە لەهاوسەرگیریەکە منائێکی بوو لەپیاوەکەی وە دواتر پیاوەکەی بە دڵ بوو کەواتە بێ زۆرلێکردن ڕەزامەند بووە بەو گرێبەستە وپەیوەندی هاوسەرگیری پەسند دەکا ئێمە بڵێن پووچەڵە بە ڕەهایی وە دەبێت هەڵبوەشێتەوە، ئەوە دووبارە ستەم لەو ژنە دەکەین چونکە دوای ژیان لەگەڵ ئەوە پیاوە بۆی دەرکەوت کە هاوسەرگیریەکەی سەرکەتووە بۆیە پێیان باشە ڕاگیراو بێ دوای سەرجێیێ کردن کە ئایا لایەنی زۆرلێکراو ڕەزامەندە بە بەردەوام بوونی ئەو هاوسەرگیریە یان دەیەوێت گرێبەستەکە هەڵبوەشێنیتەوە.

خواستی دووەم

دادکاری هاوسەرگیری بەزۆرلێکردن لەڕووی یاساییەوە

دادکاریەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری پەرش وبڵاوە لە نێوان دەقەکانی دەستور و یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ویاسای باری کەسی بەم شێوەیە :

لقی یەکەم

دادکاری زۆرلێکردن لە هاوسەگیری لە دەستوری عێراقی ویاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان

بڕگەی (4) لەبەندی (29)لەدەستوری عێراقی دەرچوو لە ساڵی (٢٠٠٥)، دەقەکەی لەسەر ئەوەیە :(ڕێگا نادرێت بە هەموو شێوەکانی توندوتیژی زۆرلێکردن (زیدەڕۆی ) لەخێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگادا).

بەپێی ئەم بڕگەیە یاسادانەری عێراق ڕێگری دەکات لە توندو تیژی ناو خێزان بە واتای ئەوەی زۆرلێکردن بە توندوتیژی دادەنرێت دژی لایەنی زۆرلێکراو لە هاوسەرگیری بەمە زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری وێنەیەکە لە وێنەکانی توندوتیژی خێزانی تێکدانی مافەکانی تاکی ناو خێزان.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی لە عێراق دەرنەچووە بەڵام یاسادانەری کوردستانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەرکردووە لەهەرێمی کوردستان ژمارە(8)لەساڵی (2011) وەبڕگەی (1)لەبەندی(2)لەدەقی ئەم یاسایە دا هاتووە هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بە یەکێک لەشێوەکانی توندوتیژی خیزانی داناوە وە قەدەغەی دەکا وە هەروەها لەم بڕگەیەدا هاتووە :(قەدەغە دەکرێت لەهەر کەسێک کەپەیوەندی خێزانی ببەستێت بە توندوتیژی وە لەوانەش توندو تیژی جەستە وجنسی ودەروونی لە چوار چێوەی خێزان وەئەم کردارانەی کەهاتووە لەڕێگەی ئەم نموونانە توندوتیژی خێزانیە (زۆرلێکردنەلە هاوسەرگیری ).

لەم دەقە دا وادەردەکەوێت کە حوکمی هاوسەرگیری بەزۆرلێکردن بەپێی یاسای بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی خێزانی شێوەیەکە لە شێوەکانی توندوتیژی خێزانی و قەدەغەدەکرێت.

لقی دووەم

دادکاری هاوسەرگیری بەزۆرلێکردن لە یاسای باری کەسی

سەبارەت بە دادکاریەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن لە یاسای باری کەسی عێراقی دا ژمارە(188) بۆ ساڵی( 1959) بە ڕکار لە عیراق لە بڕگە (1)ی بەندی (9) ئاماژەی پێکراوە کە ( 1-مافی هیچ لە خزمان یان کەسێکی تر لە بیگانە نیە زۆر لە یەکێک بکات نێر بێت یان مێ لەسەر هاوسەرگیری کردن بە بی ڕەزامەندی خۆی، وگرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆر بە پووچەڵ دادەنریت ئەگەر سەرجێێ ڕووی نەدابێت هەروەها مافی هیچ کام لە خزمان یان کەسێکی تری بیگانە نیە ڕێگە لە یەکێک بگرێت کە شایستەی هاوسەرگیریە بە پێی دادکاریەکانی ئەم یاسایە). بە پێی ئەم دەقە دادکاری هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بە پووچەڵ دادەنرێت ئەگەر سەرجێێ ڕووی نەدابێت بە واتایێکی پێچەوانەش ئەگەر سەر جێێ ڕووی دابوو ئەوە گرێبەستەکە دروستە.

ئەم بەندە یاسایەش چەند ڕەخنەیێکی لێدەگیرێت لە لایەن دکتۆر مستەفا زەڵمیەوە( الزلمي، بێ ساڵی چاپ، 49) بەم شێوەیە:

1- ئەم بەندە یاسایە هاوسەرگیری بە زۆرلێکردنی بە پووچەڵ داناوە ویاسادانەر تێکەڵی کردووە لە نێوان گرێبەستی پووچەڵ وڕاگیراو، ڕاستیەکە ئەوەیە ( هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بە ڕاگیراو دادەندرێ لەسەر مۆڵەتی کەسی زۆرلێکراو دوای نەمانی زۆرلێکردنەکە).
2- یاسادانەر بۆچوونی وایە کە گرێبەستەکە پیش سەرجێیی پووچەڵە دواتر مۆڵەتی پێ بدرێ ئەوەش لە هیچ یاسایێکی دونیایدا نیە کە گرێبەستی پووچەڵ مۆڵەتی پی بدرێ.
3- کە باسی ڕوودانی سەر جێێ کردووە بە شێوەیێکی ڕەها باسی کردووە بە واتای ئەوەی ئەگەر سەرجێێ ڕوویدا ئەوە گرێبەستەکە دروستە.

ئەم بە ندە یاسایە بە پێی یاسای ژمارە (15) بۆ ساڵی (2015) لە هەرێمی کوردستان هەموارکراوەتەوە بەم شێوەیە( 1- مافی هیچ لە خزمان یان کەسێکی تری بێگانە نیە زۆر لە یەکێک بکان نێر یان مێ لەسەر هاوسەرگیری کردن بە بێ ڕەزامەندی خۆی، گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆر بە پووچەڵ دادەندرێت ئەگەر سەرجێێ ڕووی نەدابێت و ئەگەر ڕووی دابێت بە ڕاگیراو دادەنرێت، هەروەها مافی هیچ کام لە خزمان یان کەسێکی تری بێگانە نیە ڕێگە لە یەکێک بگرێت کە شایستەی هاوسەرگیریە بە پێی دادکاریەکانی ئەم یاسایە).

ئەم دەقە یاساییەش ئەم ڕەخنانەی لێ دەگیرێت :

1- ئەم بڕگەیە باسی ئەوە ناکات ئایا زۆرلێکردنەکە لە لایەن زۆرلێکراوە بە مافە یان بێ مافە؟
2- بە تایبەت ئەگەر ئافرەت پێ نەگەیشتوو بوو (باڵەق نەبوو) ئەوە پێویستە ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری هەبێت بە پێ شەرع ویاسا بڕگە (1) لە بە ندی(8) یاسای باری کەسی بە ڕکار لە هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەگەر کەسێکی شیاو هەبوو بۆ ئافرەتەکە سەرپەرشتیاریش ناوبانگێکی باشی هەبوو دەتوانێ زۆر لە کچەکەی بکات بۆ هاوسەرگیری کردن.
3- ئەم بە ندە یاساییە زۆرلێکردن وڕیگری لێکردنی لە هاوسەرگیری( المنع او العضل) تێکەڵ کردووە لە ڕووی دادکایەوە کە ئەو دوو بابەتە دووشتی جیاوازن لە دادکاری دا واتا حوکمیان جیاوازە.
4- هەروەها ئەم بەندە یاساییە ئاماژەی بە کەسی زۆلێکەر کردووە ئەگەر بێگانە بێ یان خزم بێ بەڵام باسی ئەوەی

نەکردووە کە زۆرلێکردنە بۆ هاوسەرگیری لە لایەن خودی لایەنەکانی هاوسەرگیری بێ واتا ئافرەتەکە یان پیاوەکە.

5- بە پێی ئەم بڕگەیە ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری زۆرلێکردنی تێدابوو ئەوە پێش سەرجێیێ کردنی گرێبەستەکە پووچەڵە تا ئێرە ئەوە تەواوە، بەڵام ئەگەر دوای سەرجێیی کردن بوو ئەوە گرێبەستەکە ڕاگیراوە ( موقوف) ئەم هەموار کردنە لە جێگای خۆیەتی چونکە لێرەدا یاسادانەر بە بیروڕای زەفری بن هەزیلی وەرگرتووە لە ئاینزای حەنەفی کە زۆرلێکردن لە گرێبەست دەبێتە هۆی وەستانی گرێبەست نەك نادروست بوونی واتا (عقد فاسد) لۆیە ئەگەر سەرجێیێ ڕوویدا لە گرێبەستی بە هاوسەرگیری کردن ئەوە گرێبەستەکە وەستاوە لەسەر مۆڵەتی ئەو کەسەی کە زۆرلێکراوە چونکە ئەگەر بە گرێبەستی نادروستی دانابا ئەوە پاش سەرجێیێ دەبا دادوەر بە زۆری لێکیان جیابکاتەوە باشە ئەگەر ئەوەی زۆرلێکراوە ڕازی بوو بەو هاوسەرگیریە بۆ بە زۆری جیا بکرێتەوە لۆیە حوکمی گرێبەستی ڕاگیراو لەسەر هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن لە جێگای خۆیەتی چونکە وەکو دەزانین مۆڵەتدانی دواتر وەکو بریکاری پێشووترە(أبو زهرة، بێ ساڵی چاپ، 145) ، ئەوەش لە بەرژەوەندی کەسی زۆرلێکراوە ئەگەر ڕازی بوو بە هاوسەرگیریەکە دوای نەمانی زۆرلێکردنەکە وئاسەوارەکانیشی هەموو ڕاست ودروست دەبێ لە مێژووی بەستنی گرێبەستەکە نەك لە مێژووی مۆڵەتدانەکە بۆیە واتا گرێبەستی هاوسەرگیریەکە دروست دەبێ ئەگەر لایەنی زۆرلێکراو ڕازی بوو خۆ ئەگەر ڕازیش نەبوو ئەوە بە پێ بڕگە (4) لە بەندی (40) هاتووە بۆ هەردوو هاوسەر هەیە داوای جیابوونەوە بکەن لەکاتی هەبوونی یەکێک لەم هۆکارانە (4- ئەگەر هاتوو هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام درابێت بە ڕێگەی زۆرلێکردن و سەرجی کردن رووی دابێت). بۆیە پێشنیاری هەمواركردنی ئەم بەندە یاسایە دەکەین بەم شێوەیە ( 1- هیچ کەسێک بۆی نیە بە زۆرلێکردن هاوسەرگیری بکات بە بێ ماف جا ( بێگانە بێ یان خزم یان خودی یەکێک لە لایەنی گرێبەستەکە)، ئەگەر زۆرلێکردن پێش هاوسەرگیری ڕوویدا ئەوە گرێبەستەکە پووچەڵە پێش سەرجێیی کردن بەڵام دوای سەرجێیێ کردن گرێبەستێکی ڕاگیراوە بۆ لایەنەکان ئەگەر نەگونجان لایەنەکان دەتوانین بە پێ بڕگە (4) لە بەندی(40) داوای جیابوونەوەی دادگایی بکەن).

سەبارەت بە بۆچوونی یاسای باری کەسی لە وولاتە عەرەبیەکان سەبارەت بە دادکاری هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بەم شێوەیە:

یاسای باری کەسی ئوردونی ژمارە(10) بۆ ساڵی( 2019) لە بڕگە (ز) بەندی (31) دەڵی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن هاوسەرگیریکی نادروستە(فاسد) کە تیدا هاتووە( گرێبەستی هاوسەرگیری نادروستە لەم حاڵاتانە: (ز ــ ئەگەر یەکێک لە لایەنی گرێبەستی هاوسەرگیری لێهاتووی هاوسەرگیری نە بوو یان زۆرلێکراو بوو) وە هەمان حوکمیشی هەیە لە بەندی(34) یاسای باری کەسی فەلەستینی ژمارە(61) بۆ ساڵی(1976).

یاسادانەری کوێتی لە یاسای باری کەسی ژمارە (51) بۆ ساڵی (1984) دادکای گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردنی بە پووچەڵ داناوە لە بەندی(25) کە ( نا دروستە ( پووچەڵە) گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن ) لێرەدا هەمان بۆچوونی یاسای باری کەسی عێراق هەیە بەر لە هەموار کردن.

کەچی یاسادانەری لە نوسراوی خێزانی مەغریبی لە بەندی (63) گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردنی بە گرێبەستێکی ڕاگیراو داناوە بەم شێوەیە( کەسی زۆرلێکراو یان هەڵ خەڵەتێندراو لە هەردوو هاوسەرکە بۆیان هەیە داوای هەڵوەشاندنەی گرێبەستە بکەن لە ماوەیێک کە زۆرتر نەبێ لە دوو مانگ لە ڕۆژی لاچوونی زۆرلێکردنە پێش سەرجێیی کردن .........) . کە چی یاسای خێزانی جەزائیری ژمارە(44-11) بۆ ساڵی(2007) لە بەندی(13) ویاسای باری کەسی لیبی ژمارە (10) بۆ ساڵی(1984) لە بڕگە ( 1) بەندی (8) باسی ئەوەیان کردووە کە سەرپەرشتیار بۆیان نیە زۆر لە کچەکە یان بکەن کە هاوسەرگیری بکە بێ ڕەزامەندی خۆی).

باسی سێیەم

ئاسەوارە شەرعی ویاسایەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن

لە میانەی ئەم باسەدا ئاماژە بە ئاسەوارەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن دەکەین لە ڕووی شەرعی ویاساییەوە لە دوو خواست :

خواستی یەکەم

ئاسەوارە شەرعیەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن

لە باسەکانی پێشوومان‌دا ئاماژەمان بە دادکاری گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن کرد شوێنەوارەکانیش بەپێ ئەم بۆچوونانە جیاواز دەبن بەم شێوە لای خوارەوە باسی لێدەکەین:

لقی یەکەم

ئاسەواری گرێبەستەکە ئەگەر دادکاریەکەی وەکو گرێبەستێکی دروست بێت

ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بە گرێبەستیی دروست (صحیح) دانرا ئەوە هەموو ئاسەوارێکی گرێبەستی هاوسەرگیری دروستی لەسەر جێ بەجێ دەبێ لە ئاسەوارە داراییی ونادارایییەکان کە بریتین لە:

1- جێگربوونی ژن وژن خوازی.
2- مافداربوونی ژن بە مارەیی ناوبراو.
3-بژێوی ژنەکە ئەرك دەبێ لەسەر میردەکە.
4-جێگربوونی ڕەچەڵەکی منداڵەکان .
5-ژن وپیاوەکە بۆ یەکتر حەڵاڵ دەبن هەردووکیان مافی چێژوەرگرتنیان هەیە لە یەك.
6-میرات لە یەکتر وەردەگرن(سمارة،2010، 151) .

لقی دووەم

ئاسەواری گرێبەستەکە ئەگەر دادکارییەکەی وەکو گرێبەستێکی پووچەڵ بێت

ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن دادکاریەکەی وەکو گرێبەستێکی پووچەڵ بێت ئەوە پاش سەر جیێ کردن هیچ ئاسەوارێکی لەسەر جێ بەجێ نابێت( الكبيسي، ج1، 1972،59)، بەڵام ئاسەوارەکانی گرێبەستی پووچەڵی لەسەر جێ بەجێ دەبێ ئەگەر سەرجێیی تیدا ڕوویدا بەم شێوەیە:

1-جیابوونەوە وهەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەبە هەڵوەشاندنەوە نەك تەڵاق.
2-بەردباران کردنیان تا مردن ( الحد الزنا) چونکە سەرجێییەکە بە زنا هەژمار دەکرێت ئەگەر هاتوو هەردووکیان ئاقڵ بوون باڵەق بوون و دەیانزانی کە سەر جێیەکە حەرامە وزینایە.
3-مافداربوونی ژن بە مارەیی هاوشێوە نەك مارەیی ناوبراو.
4-سەبارەت بە ڕەچەڵەکی منداڵ ئەگەر سزای زینایان لەسەر بوو ئەوە ڕەچەڵەکی منداڵەکەیان جیگر نابێت بەڵام ئەگەر سزای زینایان لەسەر نەبوو ئەوە ڕەچەڵەکی منداڵەکەیان جێگر دەبێ.
5-ماوەیی چاوەڕوانی(العدة) هەیە ژنەکە ئەگەر سزای زینای لەسەر نەبوو ژنەکە بەڵام ئەگەر سزای زینای لەسەر بوو ئەوە ماوەی چاوەڕوانی نیە.
6-بژێوی بۆ ژنەکە نیە وگوێڕایەڵیشی لەسەر نیە.
7-میرات لە نێوانیاندا نیە.
8-بە بیروڕای هەموو زانایان ژن وژن خوازی دەچەسپێت لە نێوانیان ( الكاساني، 1986، 652) و(ابن عابدين، ج1983/3، 132) والشربيني، ج3/ 1994، 236) و(البهوتي، ج5/ بی ساڵی چاپ، 103).

لقی سێیەم

ئاسەواری گرێبەستەکە ئەگەر دادکارییەکەی وەکو گرێبەستێکی نادروست بێت

گرێبەستی نادروست( عقد فاسد) ئەو گرێبەستەیە کە مەرجێک لە مەرجەکانی دروستی تێدا نەبێت وەکو نەبوونی سەرپەرشتیار یان نەبوونی گەواهیدەر، ئەگەر گرێبەستی نادروست سەرجێیی تیدا نەبوو ئەوە حوکمی گرێبەستی پووچەڵی هەیە ولێک جیادەکرێنەوە وهیچ ئاسەوارێکی لەسەر جێ بەجێ نابێ، بەڵام ئەگەر سەرجێ تێدا ڕوویدا ئەوە پێویستە لێک جیابکرێنەوە وئەو ئاسەوارانەی هەیە:

1-سزای زینا(حد الزنا) لەسەر نیە لەبەر بوونی گومانی سەرجێیی.
2- ژنەکە ماوەی چاوەڕوانی هەیە دوای جیابوونەوەی.
3-جێگربوونی ڕەچەڵەکی منداڵەکەیان لە باوکی.
4- جێگر بوونی ژن وژن خوازی تێدا.
5- ژنەکە مارەیی هاوشێوەی دەکەوێت ئەگەر مارەیی دیاری نەکرابوو. ئەگەر مارەیی دیارێکراو بوو ئەوە کەمتر لە مارەیی ناوبراوی دەکەوێت.
6- میرات لە نێوان ژن وپیاوەکە جێگر نابێت( الكاساني، ج2/ 1986 ،651-652) و(ابن عابدين، ج3/ 1983، 131) ( الكبيسي، ج2/ 1972، 72).

هاوسەرگیری بە زۆرلێکردنیش لە لە ڕووی دروستیەوە ئەوە لە لای حەنەفیەکان دروستە ولای کۆ ئاینزاکان هاوسەرگیرییەکە حوکمی هاوسەرگیری بەبێ سەرپەرشتیاری هەیە بە واتای ئەوە نادروستە ئەگەر سەرجێیی تێدا ڕوویدا ئەوە هەموو ئاسەوارەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری نادروستی لەسەر جێ بەجێ دەبێت بە هۆی بوونی گومانی سەرجێیی ( الجبوري، 2012، 189).

لقی چوارەم

شوینەواری گرێبەستەکە ئەگەر دادکارییەکەی وەکو گرێبەستێکی ڕاگیراوبێت

گرێبەستی ڕاگیراو ئەو گرێبەستەیە کە کەسێک دەیبەستێ کە سیفەتی شەرعی نیە دەکرێت ئەو گرێبەستە بەسترێ دوای قبوڵکردنی کەسی شەرعی گرێبەستەکە بۆ نموونە کەسێکی لێهاتووی نەبێ گرێبەست ببەستێ یان خۆ تێهەڵقوڵێنەر بێت( الفضولي) یان هاوسەرگیری ژنێک بە مۆڵەتی سەرپەرشتیاری دوور لەگەڵ بوونی سەرپەرشتیاری نزیک(سمارة، 2010، 144-150).

دادکاری ئەم گرێبەستەش (الحكم) گرێبەستێکی دروست وجێ بەجێ نەکراوە هیچ شوینەوارێکی گرێبەستی هاوسەرگیری لەسەر جێ بەجێ نابێ تەنها لە حاڵەتی مۆڵەتی پێدانی ئەو کەسەی کە گرێبەستەکەی بۆ ڕاگیراوە ئەوەش لە مێژووی بەستنی گرێبەستەکەیە نەك مێژووی ڕێگە پێدانەکە لەبەر ئەوەی (ڕێگەدانی دواتر وەکو مۆڵەتدانی بریکاری پێشوو)( ابو زهرة، بی ساڵی چاپ، 145).

خواستی دووەم

ئاسەوارە یاساییەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن

گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن چەند شوێنەوارێکی یاسایی لێ پەیدا دەبێت بەم شێوەیە:

لقی یەکەم

ئاسەوارە شارستانیەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری

ئەو ئاسەوارە شارستانیانەی لەسەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن دەکەوێتەوە بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

یەکەم: مافی مۆڵەت دان و هەڵوەشاندنەوە ( الاجازة والفسخ): مۆڵەتدانی گرێبەستێکی هاوسەرگیری کە زۆرلێکردنی تیدا ڕوویداوە یان بە شێوەی ئاشکرا دەبێ یان نا ئاشکرا( صريح أو ضمني) بۆ نموونە مۆڵەتی بە ئاشکرا ئەگەر زۆرلێکراو لە گرێبەستی هاوسەرگیری بڵێت من ڕازیم، بەڵام بە شێوەی نا ئاشکرا بۆ نموونە ژنێک زۆرلێکراوە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێک بکات خۆی ئامادە بکات بۆ گواستنەوە یان ڕێگای پێ بدات بە سەرجێی کردن ( الدخول) بۆ ماوەیکی دیارێکراو بێ ئەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات.

ئەم ڕەزامەندی دەربڕینەش (مۆڵەت) دەبێ دوای لابردنی زۆرلێکردنەکە بێت واتا مافی هەڵبژاردنی پێدەدرێ ئەویش سی مانگە دوای هەڵگرتنی زۆرلێکردنەکە ئەو دادکاریانەش لە بەندی (115) یاسای شارستانی عێراقی ئاماژەی پێکراوە ( هەرکەسی زۆرلێکرا بە هەردوو وێنەی زۆرلێکردنی ( پەنابەر وناپەنابەر) بۆ ئەوەی گرێبەست ببەستێ ئەوە گرێبەستەکە جێ بەجێ نابێت ) دواتریش بە پێی بڕگە (2) لە بەندی( 136) هەمان یاسا هاتووە کە( پێویستە لەسەر ئەوەی کە مافی هەڵبژاردنی مۆڵەتدان یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی پێ دەدرێت لە ماوەی سێ مانگ ئەو مافە بەکاربهێنێ ئەگەر لەو ماوەیدا هیچ خواستێکی هەڵوەشاندنەوەی نەبوو ئەوە گرێبەستەکە بە جێ بەجێ کراو هەژماردەکرێ) ولە بڕگە (3)ی هەمان بەند هاتووە کە( .... ئەگەر هۆکاری وەستانی گرێبەست زۆرلێکردن بوو یان هەڵخەڵاتاندن یان هەڵە یان هۆکاری نەبوونی سەرپەرشتیار لە سەرشتی گرێبەست لەسەرکراو بوو ئەوە لە ڕۆژی ڕەزامەندی دەربڕینی خاوەنەکەی بۆ دەرچوونی گرێبەستەکە). واتا ماوەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە ئەو ڕۆژە دەبێ کە زۆرلێکردنەکە هەڵدەگیرێ وویستی کەسەکە ئازاد دەبێ بە مۆڵەت دان یان هەڵوەشاندنەوە.

ئەو دادکاریانە زیاتر لە مامەڵە داراییەکان کاری پێدەکرێ، بەڵام لە گرێبەستی هاوسەرگیری ئاسەوارەکان جیایە بۆ نموونە ئەگەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بەسترا وسەرجێی تێدابوو مندالی لی دروست بوو ئایا هەڵوەشاندنەوە یان مۆڵەتدانی ئەو گرێبەستە چۆن دەبێ؟ چۆن ئەو زۆرلێکردنە چارەسەر دەکەین وئەنجامی گرێبەستەکە چیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیاریە دەڵێن، یاسای باری کەسی عێراقی وتەنانەت زۆرینەی یاساکانی باری کەسی لە وولاتانەی عەرەبی باسی مۆڵەتدان وهەولوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریان نەکردووە ئەگەر بە زۆرلێکردن ئەنجام درابێ ماوەکەشیان دیاری نەکردووە تەنها ئەوە نەبێ یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان گرێبەستی هاوسەرگیری دوای سەرجێی کردن بە ڕاگیراو داناوە بێ ئەوەی چارەسەری ئەو بکات کە ماوەی مۆڵەتدانەکە چۆنەو هەڵوەشاندنەوەکە چۆنە تەنها یاسای مەغریبی ئاماژەی بەم بابەتە کردووە لە بەندی(63) ئەم یاسایە بەم شێوەیە( بۆ لایەنەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری هەیە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگریەکە بکەن پێش دروست بوونی گرێبەستەکە یان پاش دروست بوونی لە ماوەیێک زیاتر نەبێ لە دوو مانگ لە نەمانی زۆرلێکردنەکە ولە مێژووی پێ زانینی). بە پێی بڕیارێکی دەستەی تەمیزی باری کەسی ژمارە(29) دەرچوو لە (30/ 1/ 2002)لە هەرێمی کوردستانیش ئاماژەی بەوە کردووە کە ( داواکار کە ژنێکە مافی ئەوەی نیە داوای جیابوونەوەی دادگایی بکات چونکە زیاتر لە دوو ساڵ زیاتر بەسەر گرێبەستی هاوسەرگیریێکە ڕۆیشتووە لەو ماوەیدا مامەڵەی هاوسەریەتی لە گەڵ مێردەکەی کردووە ئەوەش بە مانای ڕەزامەندی دێت بەو هاوسەرگیریەی کە بە زۆرلێکردن ئەنجام دراوە بۆیە ناتوانی جیابوونەوەی داداگایی بکات)( سید أحمد،2010، 74). بۆیە پێویستە یاسادانەر ئەو ماوەیە دیاری بکات هاوشێوەی یاسادنەری مەغریبی بۆ داوا کردنی جیابوونەوەی دادگایی بە هۆی زۆرلێکردن.

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن بۆ هەردوولایەن هەیە بە پی بڕگە (4) لە بەندی(40) یاسای باری کەسی عیراقی داوای جیابوونەوەی دادگایی بکەن ئەگەر زۆرلێکردن هەبوو لە گرێبەستێکی هاوسەرگیری کە لە دەرەوەی دادگا ئەنجام درابوو بەم شێوەیە( ئەگەر هاتوو هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام درا بێت بە ڕێگەی زۆرلێکردن، سەرجێی ڕوویدا بێت)، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو جیابوونەوەی دادگاییە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە یان تەڵاقە بە پێی شەرع ویاسای باری کەسی؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەڵێن: لە بەندی(45) یاسای باری کەسی عێراقی جۆری جیابوونەوەکانی دادگایی بە تەڵاقی جیاکەرەوەی بچووکی داناوە بەم شێوەیە( جیابونەوەی بە ندەکانی چل و چل و یەك وچل و دوو وچل وسێ وچوار تەڵاقی جیاکەرەوەی بچووکە(طلاق بائن بينونة صغرى).

ئەم دادکاریەش تا ڕادەیەك لە بیروڕای مالکیەکان وەرگیراوە کە بڕوایان وایە کە تەڵاق بە بڕیاری دادگا وپشت تێکردن ( الايلاء) بە تەڵاق وجیاکەرەوەی گەورە دادەندری تەنها جیابوونەوەی دادگایی بە جیابوونەوەی گەڕانەوە دادەندرێ ئەگەر بە هۆی نەدانی بژێوی بێت تەنانەت لە وەرگرتنی بیروڕای مالیکەکانیش یاسادانەر بەرچاوێکی ڕوونی وای نیە لەوەرگرتنی ئەم بیروڕایە.

کەچی ئاینزاکانی وەکو شافعیەکان وحەنابیلەکان جیابوونەوەی دادگایی بە هەڵوەشاندنەوە دادەنێن (فسخ) نەك تەڵاق بەڵگەشیان ئەوەیە کە ئەم جیابوونەوە بە بڕیاری دادوەرە نەك پیاوەکە بە وویستی خۆی ژنەکە تەڵاق بدات یان پیاوەکە ژنەکەی سەر پشك کردبێ بە تەڵاق (التفويج)یان بریکاری دابێتە کەسێک بۆ کەوتنی تەڵاقەکەی بەڵکو

دادوەر لێکیان جیادەکاتەوە بڕیاری دادوەریش جیاکردنەوەنەیە نەك تەڵاق بۆیە جیابوونەوەی دادگایی بە هەڵوەشاندنەوە دادەندرێ نەك تەڵاق( الزحيلي، ج9، بی ساڵی چاپ،7055) ئەم بیروڕایەش زیاتر لەگەڵ لۆژیکی جیابوونەوەی دادگایی دەگونجێ نەك تەك بە تەڵاق دابنرێ بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم بەندە یاساییە بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە( ئەو جیابوونەوانانەی لە بەندەکانی چل و چل ویەك وچل و دوو وسی هاتووە بە هەڵوەشاندنەوە دادەندری (الفسخ) بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری نەك تەڵاق).

بەم هەموارکردنەوەش دەتوانین هاوسەنگێک دروست بکەین لە نیوان بڕگە(1)بەندی (9) هەموارکراوی یاسای باری کەسی کە تیدا هاتووە کە گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن دوای سەرجێی کردن ڕاگیراوە دەتوانی دوای نەمانی زۆرلێکردنەوەکە داوای هەڵوەشەندنەوەی گرێبەستە بکات بە جیابوونەوەی دادگایی کە هەڵوەشاندنەوەیە نەك تەڵاق بەمەش ئەگەر زیان لێکراو تووشی زیان بوو دەتوانێ داوای قەرەبووکردنەوە بکات.

دووەم/ قەرەبووکردنەوە( التعويض): ئەوەی گومانی تێدا نیە زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری دەبێتە زیان گەیاندن ( الضرر) بە لایەنی زۆرلێکراو جا زیانی بەرجەستەیی بێت یان نا بەرجەستەیی وەکو نەمانی پەردەی کچینی ومنداڵ لێکەوتنەوە وژیانێکی ناخۆش وپڕ لە ڕق وکینە وئاژاوە بۆ هەردوو لایەن کچ وکوڕ چونکە بەر لەسەرجێی( الدخول) لایەنی زۆرلێکراوەکە ئەگەر گرێبەستەکەش بە پووچەڵ دابندرێ ئەو ئاسەواری دەروونی زۆرلەسەر هەستی ئەو کەسە دروست دەبێ بێجگە لە زیانی دارایی وەکو مارەیی وخەرجیەکانی هاوسەرگیری یان کچەکە بە زۆری وای لێدەکەن واز لە کارەکەی یان فەرمانبەریەتی بهێنێ هاوسەرگیری بکات ئەوانە هەموو بە زیانی دارایی هەژمار دەکرێن بێجگە لە زیانی نابەرجەستەیی خۆ ئەگەر گرێبەستەکەش لە ژێر کاریگەری زۆرلێکردن ببەسترێ ئەوە زیانەکان زیاتر دەبن وەکو لە دەستدانی پەردەی کچینی و کەوتنەوەی منداڵ هەروەها بە هەمان شێوە پیاوەکەش وەکو کوڕێک ناتوانێت بە هەمان حاڵەت هاوسەرگیری بکاتەوە بۆیە ئەگەر ئەو گرێبەستە ڕاگیراوە یان هەڵوەشاندەوە دەبێت لایەنی زۆرلێکراو قەرەبووی ئەو زیانانە بکرێتەوە.

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی ئافرەت لە گرێبەستی هاوسەرگیری نادروست(فاسد) هەموو ئاینزاکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئافرەت بە گومان( شبهە) یان لە گرێبەستی نادروست پەردەی کچینی لە دەست بدات ئەوە مافی مارەیی هاوشێوەی هەیە وەکو حەنەفیەکان دەڵێن پێویستە ئافرەت مارەیی هاوشێوە وەربگری لە گرێبەستی هاوسەرگیری نادروست (فاسد)( ابن عابدين، ج3/ 1984، 131).

سەبارەت بە زۆرلێکردن لە گرێبەست بە شێوەیێکی گشتی هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەوەی زۆرلێکراوە قەرەبوو بکرێتەوە لەو زیانانەی پێگەیشتووە ( الشربيني، ج3/بێ ساڵ چاپ، 286 ).

یاسای باری کەسی عێڕاقی ویاسای شارستانی عێڕاقی لە بەندی (205)، ئاماژەیان بە حاڵەتی قەرەبووکردنەوەی لە زیانی نابەرجەستەیی ودارایی نەکردووە سەبارەت بە زۆر لێکردن لە هاوسەرگیری بەڵام ئاینزانی ئیسلامی دەڵێن بۆ تەڵاقدراو پێش پەردە کردن (الدخول) موتعەی تەڵاق هەیە پێش دانانی مارەیی وەکو قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی کەژنی تەڵاقدراو پێ دەگات ئەگەر بێ هۆ تەڵاقدرا کەچی لە زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری دوای پەردە کردن ژن پەردەی کچینی نامینێ وتووشی زیانی جەستەیی ونابەرجەستەیی(معنوی) دەبێتەوە بۆیە پێویستە قەرەبووبکرێتەوە زیانی داراییش لەوانەیە بوونی هەبێ بۆ نموونە کچێک بە زۆری بە شوو بدرێ کار وپیشەکەشی لە دەست بچێ ئەگەر فەرمانبەر بێ یان خاوەن کاری بێت کوڕیش بە هەمان شێوە کە بێجگە لە زۆر لێکردنەکە تووشی زیانی نابەرجەستەیی دەکات ودەروونی نائارام دەکات دەبێ مارەیش بدات کە زیانی داراییە، وەهەروەها بێجگە لە خەرجیەکانی گواستنەوە وناو ماڵ و هەروەها وەکو جاران نەکوڕەکە ونە کچەکە ناتوانن بە حاڵەتی پێش هاوسەرگیری دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە بۆیە پێویستە ئەو لایەنی زۆرلێکراوە قەرەبوو بکرێتەوە لەلایەن زۆرلێکەرەوە وەکو پێوەرێکیش بۆ قەرەبوو کردنەوە کە زیان نابێ هەبێ وزیانیش هەبوو دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە وەکو لە فەرموودەیێک هاتووە ( لا ضرر ولاضرار) ( ابن ماجه القزويني، بێ ساڵی چاپ، 147).

یاسای باری کەسی مەغریبی مافی داوە بە زۆرلێکراوکە داوای قەرەبووکردنەوە بکات لە گرێبەستی هاوسەرگیری لە بەندی(63) بەم شێوەیە ( .... زۆرلێکراو لە گرێبەستی هاوسەرگیری مافی ئەوەی هەیە پێش سەرجێی ودوای سەرجێی کردن داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات لە ماوەی دوو مانگ زیاتر نەبێ لە ڕۆژی نەمانی زۆرلێکردنەکە وپێزانینی وە مافی ئەوەشی هەیە داوای قەرەبووکردنەوە بکات). ئێمەش پێشنیاری دەقێکی یاسایی بەم شێوەیە بۆ یاسادانەری عێڕاقی وکوردستانی دەکەین لە لقی داهاتوو ئاماژەی پێ دەکەین.

لقی دووەم

ئاسەوارە سزاییەکان ودارابیەکان زۆرلێکردن

ئاسەوارە سزایی وداریەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری لە یاسای باری کەسی ولە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکراوە بەم شێوەیە:

یەکەم:لە یاسای باری کەسی: یاسای باری کەسی عێڕاقی تاکە یاسایە کە زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری بە تاوان هەژمار دەکات وەکو لە بڕگە (2) لە بەندی(9) لە یاسای باری کەسی ئاماژەی بە سزای زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری کردووە بە لێسەندنەوەی ئازادی بەرامبەر کەسی زۆرلێکەر بەم شێوەیە( 2- سزا دەدریت بە بەندکردن ماوەیێک کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ وزیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ کەسێک سەرپێچی دادکاریەکانی بڕگە (1) ئەم بەندە یاسایە بکات، ئەگەرهاتوو لە خزمەکانی پلەیەك بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو سەرپێچکار لەوانە نەبێت سزاکەی دەبێت بە بەندکردن ماوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت یان بەند کردن بۆ ماوەیێک لە دەساڵ زیاتر نەبێ).

بە تیڕوانین لەم بەندە یاسایە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسادانەری عیڕاقی و کوردستانی زۆرلێکردنیان لە هاوسەرگیری بە تاوان داناوە وەکو لە

بڕیارێکی ژمارە(53) دەرچوو لە ساڵی(14/ 4/ 1999) لە دەستەی تەمییزی باری کەسی لە هەرێمی کوردستانیش هاتووە کە باسی سزای کردووە دەڵیت (ئەگەر داواکار داوای جیابونەوەی کرد بەهۆکاری زۆرلێکردن پێویستە داواکە دوا بخرێت تا کاتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایي لە دادگای سزایي )( سید أحمد، 2010، 104) وەهەروەها جیاوازیان کردووە لە نیوان سزای کەسێکی زۆرلێکەر کە پلەیەك بێت وەکو دایک وباوك لەگەڵ ئەوەی پلەکانی تر سزاکەی قورسترە.

بەڵام ئەوەی تێبینمانە لەسەر ئەم بڕگە یاسایە ئەوەیە کە یاسادانەر سزاکەی قورستر نەکردووە ئەگەر گرێیەستەکە لە سەرجێی تێدا ڕوودابێت( الدخول ) چونکە لەو کاتەدا زیانەکەی زیاترە دەبا سزایەکەشی زیاتر بێت.

دووەم: لە یاسايي بەرەنگاربووەنەوە توندوتیژی خێزانی: وەکو پیشتر ئاماژەمان بەوە کرد یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە بڕگە (1) لە بەندی (2) زۆرلێکردنی لە هاوسەرگیری بە توندو تیژی خێزانی داناوە ئەگەر توندوتیژیەکە هەر وینەیێک بێت بەرجەستەيي یان نابەرجەستەيي وزۆرلێکراو مێ بێت یان نێر لەوکاتەی کە زۆرلێکەر پەیوەندی خێزانی بەکەسی زۆرلێکەر هەبێ.

ئەگەر زۆرلێکردن ڕوویدا لەلایەن هەرکەسێکەوە بۆ زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری ئەوە بەپێ بەندی (7) هەمان ئەو یاساییە ئەو توندو تیژیە خێزانیە بەتاوان دانراوە وسزايي بەند کردن ودارايي بەسەر زۆرلێکەر سەپاندووە کە وێنەیێکە لە وێنەکانی تووندو تیژی خێزانی لەم بڕگەیەش بەم جۆرە ئاماژەی پێکراوە(لەگەڵ سەرپێچی نەکردن بە هەر سزایێکی تووندتر کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان هاتووە : سزادەدریت ماوەێک بە بەندکردن لە نیوان شەش مانگ بۆ سێ ساڵ وبە پێ ژماردن لە نێوان یەك ملیۆن بۆ پێنج ملیۆن دیناری عێراقی یان یە کێک لەم دوو سزایە هەرکەسێک تاوانێکی تووندوتیژی خێزانی ئەنجام بدە).

بە پێی ئەم بەندە دوو جۆر سزا هەیە بۆ زۆرلێکردن وێنەکانی تری توندوتیژی خێزانی سزای دارايي وسزای بەندکردن بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دەبێ لە دوو یاسا بۆ بابەتێکی خێزانی بۆ زۆرلێکردن لە گرێیەستی هاوسەرگیری؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پرسیارەمان لەدادوەر ( چیمەن عمر حمە / دادوەری دادگای تیهەڵچوونەوەی هەولێر کە چەندین ساڵ دادوەر بووە لە دادگای باری کەسی، بەم جۆرە وەڵامی داینەوە( ناکرێ تاوانبار بە دوو سزا سزا بدرێ لە دوو یاسای جیاواز، وەئەوەی ئێستاش کاری پێ دەکرێ لە دادگای باری کەسی بەندە یاسایەکەی یاسای توند وتیژی خێزانیە بەندی (7) ئەگەر کەسی زۆرلێکەر خزمی پلە یەك نەبێت، ئەگەر خزمی پلە یەك بێت ئەوە سزاکەی بڕگە (2)ی بەندی (9) یاسای باری کەسی جێ بەجێ دەبێت بە پێ بە ندی ژمارە هەشت لەم یاساییە کە هاتووە ( داکارییەکانی یاسای سزای عیڕاقی ژمارە(111) بۆ ساڵی( 1969) هەموارکراو ویاسای ڕێکارەکانی دادگاکانی سزايي ژمارە (23) بۆ ساڵی (1971)ی هەموارکراو ویاسای هەموراکراوی جێ بەجێ کار یاسای باری کەسی عێڕاقی ژمارە(10) بۆ ساڵی (2008) وەیاساکانی تر کەجێ بەجێ دەبێت لە هەرێمی کوردستان کە لەو بەندە یاساییە ئاماژەی پێ کراوە) ئەوەش وەکو تەواوکاری ئەوەی لە لە سەرەتای بەندی(7) یاسای توندوتیژی خێزانی هاتووە (لەگەڵ سەرپێچی نەکردن بە هەر سزایێکی تووندتر کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان هاتووە) . بە پێی ئەم دەستەواژە بێت، دەبێت دادگایەکانی هەرێمی کوردستان سزای ئاماژە پێکراوە لە بڕگە (2) بەندی(9) یاسای باری کەسی لەسەر کەسی زۆرلێکەر لە گرێیەستی هاوسەرگیری جێ بەجێ بکەن نەك سزای ئاماژە پێکراو لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی چونکە ئەگەر تێبینی دوو سزایەکە بکەین سزای ئاماژە پێکراو لە یاسای باری کەسی تووندترە لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی، وەهەروەها بە بیروڕای ئێمە بوونی سزای دارايي یەك ملیۆن بۆ پێنج ملیۆن لە ئازاری ئەو کەسە کەم ناکاتەوە کە زۆرلێکراوە بۆ هاوسەرگیری، چونکە بەندکردن کاریگەری زۆرترە لە سزای پێ ژماردن دواتریش قەرەبوو کردنەوە هەبێ بۆ زیانەکانی زۆرلێکراو نەك سزاکە تەنها سزای دارايي بێت بۆ کەسی زۆرلێکەر بێ گومان سزای بەندکردن وقەرەبووکردنەوە دەبێتە هۆی ئەم دیاردە ناشیرینە لە پرۆسەی هاوسەرگیری کەم بێتەوە کە دژە بە دەقە شەرعی ویاساییەکان.

بۆیە سزای ئاماژە پێکراو لە یاسای باری کەسی شیاوترە لە سزاکەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی، لەگەڵ ئەو کەم وکوریەی کە لە بڕگە (2) بەندی(9) یاسای باری کەسی هەیە پێشنیار دەکەین بۆ یاسا دانەر ئەم بڕگە یاساییە جێگر بکە بۆ زۆرلێکردن لە هاوسەرگیری جا چ بە تووندوتیژی خێزانی دابندرێ یان سەرپێچی لە بڕگە (2) بەندی(9)ی یاسای باری کەسی بەم شێوەی لای خوارەوە( هەر کەسێک زۆرلێکردن بکات لە یەکێک لە لایەنەکانی گرێیەستی هاوسەرگیری( ئافرەت یان پیاو)کە گرێیەستی هاوسەرگیری ببەستێ ئەوە سزا دەدریت بەم شێوەیە:1- سزادەدریت بە بەند کردن بەماوەێک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ وزیاتر نەبێت لە دوو ساڵ ئەگەر زۆرلێکردنە پیش سەرجێی بوو( الدخول).2- سزا بدریت بە بەندکردن بۆ ماوەێک کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ ووزیاتر نەبێت لە دە ساڵ ئەگەر زۆرلێکردنە بووە هۆی بەستنی گرێیەستەکە وسەرجێی ڕوویدا( الدخول). 3- قەرەبووی هەر کەسێک بکرێتەوە کە زۆرلێکرا بۆ بەستنی گرێیەستی هاوسەرگیری بە ڕێژەی ئەو زیانە بەرجەستەيي ونابەرجەستەيي کەسی زۆرلێکراو پێگەیشتوە لە ئەنجامی ئەم زۆرلێکردنە دوای هەڵوەشاندنەوەی گرێیەستی هاوسەرگیریەکە بە جیابوونەوەی دادگايي).

## کۆتايي

لە کۆتايي ئەم توێژینەوە چەندان دەرئەنجام وپێشنیار سەبارەت بەم بابەتە دەخەینە ڕوو بەم شێوەیە:

یەکەم / دەرئەنجام:

1.زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری وا پێناسەی دەکەین( ئافرەتێک یان پیاوێک ناچار بکرێت کە گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستێ بێ ڕەزامەندی خۆی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی زۆرلێکردن بە گوفتار بێ یان کردار).

2. جۆرەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری ئەگەر زۆرلێکراوە دابەش دەبێ بۆ دوو جۆر زۆرلێکردنی بەماف و زۆرلێکردنی بێ ماف، ولە ڕووی زۆرلێکردنەکەوە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر زۆرلێکردنی پەنابەر (تەواو، وناپەنابەر( ناتەواو).

3. ڕایەڵەکانی زۆرلێکردنیش لە گرێبەستی هاوسەرگیریش بریتیە لە کەسی زۆرلێکراو و کەسی زۆرلێکەر وئامرازەکانی زۆرلێکردن.

4.دادکاری گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن لە ڕووی شەرعی ویاساییەوە یان گرێبەستێکی پووچەڵە یان نادروستە(فاسد) یان دروستە، بە پێی بیروڕای زانایە هاوچەرخەکان گرێبەستێکی ڕاگیراوە( موقوف) ئەگەر سەرجێی تیدا ڕوویدا. ئێمەش ئەم بیروڕایە پەسەند دەکەین کە پووچەڵە پێش سەرجێی کردن(الدخول) ڕاگیراوە دوای سەرجێی کردن.

5. دادکاری زۆرلێکردن لە هاوسەگیری لە دەستوری عێراقی ویاسای بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە توندو تیژی خێزانی هەژمار دەکرێت وڕێگا پێدراو نیە.

6. ئاسەوارەکانی گرێبەستی زۆرلێکردن لە ڕووی شەرعیەوە یان ئاسەواری گرێبەستی هاوسەرگیری دروستە یان گرێبەستی هاوسەرگیری پووچەڵە یان ئاسەواری گرێبەستی گرێبەستی نادروستی هەیە (فاسد). ئاسەوارەکانیش بە پێوەری دادکاری گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردنە.

7.ئاسەوارە شارستانیەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری یان بە مۆڵەتدانە یان هەڵوەشاندنەوەیە کە بە پێی بڕگە (4) لە بەندی(40) کەسی زۆرلێکراو دەتوانێ داوای جیابوونەوەی دادگایی بکات بە پێ بەندی (40) ئەو سزا هەبێ ئەگەر هەبوو کامیان جێ بەجێ دەبێت لە دادگاکانی باری کەسی؟ سزای ئاماژەپێکراو لە یاسای باری کەسی یان یاسای توندوتیژی خێزانی یاسایەش بە تەڵاقی داناوە نەك هەڵوەشاندنەوە.

8. ئەگەر زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری زیانی بەرجەستەیی یان نابەرجەستەیی یان دارایی لیکەوتەوە ئەوە مافی زۆرلێکراوە داوای قەرەبووکردنەوە بکات بەڵام یاسای باری کەسی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزانی ئاماژەیان بەم مافە نەکردووە بۆ کەسی زۆرلێکراو.

9. سەبارەت بە ئاسەوارە سزایەکانی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری یاسای باری کەسی ئاماژەی بە سزای بەندکردن کردووە بۆ کەسی زۆرلێکەر توندی سزاکەش جیاوازە ئەگەر کەسی زۆر لێکەر خزمی پلە یەك لەگەڵ ئەوەی بێگانە بێت، بە لام جیاوازی نەکردووە لە نێوان هاوسەگیری بە زۆرلێکردن پێش سەرجێی ( الدخول) ودوای سەرجێی. یاسای بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی خێزانیش ئاماژەی بە سزای پێ ژماردن وبەند کردن کردووە بۆ زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری وەکو وێنەیێک لە وێنەکانی توندوتیژی خێزانی.

10. لە دادگاکانی باری کەسی لە هەرێمی کوردستان ئەگەر زۆرلێکەر خزمی پلە یەك بێت ئەوە سزای ئاماژە پێکراو لە بڕگە (2) لە بەندی(9) یاسای باری کەسی لەسەر جێ بەجێ دەبێت، بەڵام ئەگەر زۆر لێکەر بێگانە بوو ئەوە سزای ئاماژە پێکراو لە بەندی (7) ی یاسای بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەسەر جێ بەجێ دەبێت.

دووەم: پێشنیارەکان:

1. بۆ بنەبڕەکردنی زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری پێویستە کۆمەڵگا هۆشیار بکرێتەوە بەمەترسی ئەم بابەتە بۆ سەر پرۆسەی هاوسەرگیری لە لایەن مامۆستایانی ئاینی ودەزگاکانی ڕاگەیاندن وتوێژەرانی کۆمەڵایەتی .

2. سەبارەت بە بڕگە (1) لە بەندی (9) یاسای باری کەسی پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی وکوردستانی کە جیاوازی بکات لە نێوان زۆرلێکردنی بە ماف و بێ ماف ودیاری کردنی ماوەی دوو مانگ بۆ مۆلەت دان یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لە لایەن کەسی زۆرلێکراو، بۆیە داوا دەکەین ئەو بڕگەیە بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە( 1- هیچ کەسێک بۆ نیە زۆر لە ئافرەتێک یان پیاوێک بکات بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری بە بێ ماف جا ئەو کەسە خزم بێ یان بێگانە یان خودی یەکێک لە لایەنەکانی گرێبەست، ئەگەر زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری پیش سەرجێی کردن بوو ئەوە گرێبەستەکە پووچەڵە، بەڵام دوای سەرجێی کردن گرێبەستەکە ڕاگیراوە لە سەر وویستی کەسی زۆرلێکراو بۆی هەیە گرێبەستەکە هەڵوەشێنیتەوە پێ بدات بە پی بڕگە (4) لە بەندی(40) بە جیابوونەوەی دادگایی یان مۆڵەتی پێ بدات بۆ ماوەی دوو مانگ لە ڕۆژی پێ زانینی زۆرلێکردنەکە یان هەڵگرتنی زۆرلێکردنەکە ).

3. ئەگەر کەسی زۆرلێکراو لە گرێبەستی هاوسەرگیری بە هۆی زۆرلێکردنەکە تووشی زیان بوو( زیانی دارایی، بەرجەستەیی، نابەرجەستەیی) پێش سەرجێی ودوای سەرجێی کردن ئەوە دەتوانێ داوای قەرەبوو کردنەوە بکات، دادوەریش دەسەڵاتی چەندیەتی هەیە لە دیاریکردنی بڕی قەرەبوو کردنەوەکە).

4. پێشنیار دەکەین حاڵەتەکانی جیابوونەوەی دادگایی بە هەڵوەشاندنەوە دابندرێ نەك تەڵاقی جیاکەرەوەی بچووك وەکو لە بەندی (45) هاتوە بۆ ئەوەی زیاتر بگونجێ لە گەڵ حاڵەتەکانی جیابوونەوەی دادگایی وهەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بە زۆرلێکردن، چونکە ئەو جیابوونەوەیە بە وویستی پیاوەکە نیە تا تەڵاق بێت بەڵکو بە وویستی دادوەرە بۆیە دوا دەکەین ئەم بڕگە یاسایە بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە( ئەو جیابوونەوەنانەی لە بەندەکانی چل و چل ویەك وچل ودوو وسێ هاتووە بە هەڵوەشاندنەوە دادەندرێ (الفسخ) بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری نەك تەڵاق).

5. سەبارەت بە شوێنەواری سزای زۆرلێکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ئەوەی کەم کوڕی پەرش وبڵاوی دەقە یاسایەکان نەهێلین لە نێوان یاسای باری کەسی ویاسا بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یەك دەقە یاسا هەبێت سزای کەسی زۆرلێکەر بدات جا خزمی پلە یەك بێت یان بێگانە وەسزاکەش تەنها بەند کردن بێ نەك پێ ژماردن بۆ کەم کردنەوەی ئەو جۆرە توندوتیژیە بەم شێوەیە ( هەر کەسێک زۆرلێکردن بکات لە یەکێک لە لایەنەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری( ئافرەت یان پیاو)کە گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستێ ئەوە سزا دەدرێت بەم شێوەیە:1- سزادەدریت بە بەند کردن بەماوەیێک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ وزیاتر نەبێت لە دوو ساڵ ئەگەر زۆرلێکردنە پێش سەرجێی کردن بوو ( الدخول).2- سزابدریت بە بەندکردن بۆ ماوەیێک کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ وزیاتر نەبێت لە دە ساڵ ئەگەر زۆرلێکردنەکە بووە هۆی بەستنی گرێبەستەکە وسەرجێی ڕوویدا( الدخول). 3- قەرەبووی هەر کەسێک بکرێتەوە کە زۆری لێکرا بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری بە ڕێژەی ئەو زیانە بەرجەستەیی ونابەرجەستەیی کەسی زۆرلێکراو پێگەیشتوە لە ئەنجامی ئەم زۆرلێکردنە دوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە بە جیابوونەوەی دادگایی).

سەرچاوەکان


قورئانی پیرۆز

یەکەم:پەرتوکی زمانەوانی:

1 – الرازي، محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي، 1950، مختار الصحاح، مكتبة مصطفى الحلبي، القاهرة.

2- ابن منظور، محمد بن منظور الافريقي، بلا سنة الطبع، لسان العرب، ج13، ط11، دار صادر، بيروت.

دووەم: پەرتوکی شەرعی و یاسایی:

1-ابن تيمية، (تقي الدين أبو العباس)، 1987، الفتاوى الكبرى لابن تيمية، دار الكتب العلمية، ج2، ط1.

2-العسقلاني(أحمد بن علي بن حجر) 1949، الفتح الباري شرح صحيح البخاري، ج12، دار المعرفة، بيروت.

3-ابن الحزم (أبو محمد علي بن أحمد)، بلا سنة الطبع، المحلى، دار الفكر، ج2 وج8، بدون تاريخ، بيروت.

4-ابن عابدين، محمد أمين ابن السيد عابدين، رد المختار على در المختار، 1992، دار الكتب العلمية، (ج3 وج5)، ط2، بيروت.

5- ابن قدامة، موفق الدين أبو عبدالله بن أحمد بن محمد ابن قدامة المقدسي،(1988)، المغني، (ج1و ج2،وج10)، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

6-الدويش، أحمد بن الرزاق الدويش، بلا سنة الطبع، ج18، فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والافتاء،السعودية.

7- الكبيسي، احمد عبيد الكبيسي، 1972، الاحوال الشخصية في الفقه والقضاء والقانون، ج1 ، ط2، مطبعة الارشاد، بغداد

8-أبو زهرة، الامام محمد ابو زهرة ، بلا سنة الطبع، الاحوال الشخصية، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي، القاهرة.

9- البهوتي(منصور بن يونس بن صلاح الدين البهوتي)، بدون سنة الطبع، ج5، كشاف القناع عن متن الإقناع ، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

10- السيوطي، جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر بن محمد ابن سابق الدين الخضيري السيوطي، 1990، الاشباه والنظائر، ج1، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

11- الخطاب (شمش الدين أبو عبدالله الخطاب الرعيني)، مواهب الجليل في شرح مختصر خليل، 1992، ج3 ، ط3، دار الفكر، عمان، الاردن.

12- الخوئي: السيد الخوئي، يلا سنة الطبع، منهاج الصالحين،ج2، ط28، مطبعة مهر، قم، ايران.

13- الشافعي، الامام أبو عبد الله محمد بن إدريس الشافعي، الأم، ط1، ج3، دار الفكر للنشر والتوزيع، بيروت، 1980.

14_ الشربيني(شمس الدين الشربيني الشافعي)، 1994، ج3، مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، ط1 ، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

15- السرخسي، شمس الدين ابو بكر بن ابي سهل السرخسي، المبسوط، 1993، ج2 وج5، دار الفكر المعرفة، بيروت ، لبنان.

16- سيد أحمد، طيلاني سيد احمد، 2010، المبادئ القانونية في قضاء محكمة تمييز اقليم كوردستان- العراق مقررات هيئة الاحوال الشخصية ، مطبعة منارة، ط1، اربيل، العراق.

17- الزيلعي، فخر الدين الزيلعي أبو عمرو عثمان بن علي بن محجن البارعي، فخر الدين الزيلعي الحنفي، بلاسنة الطبع، تبيين الحقائق في شرح كنز الدقائق، ج2، دار الكتب الاسلامي، القاهرة.

18- الكاساني(علاءالدين أبوبكربن مسعود الكاساني)، 1986، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، ط2، ج2 وج7 دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

19- الترمذي، محمد بعيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك السلمي الترمذي، سنن الترمذي، بلا سنة الطبع، ج3، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

20_ د. عبد النبي محمد محمود، بلا سنة الطبع، مدى جواز اكراه المتهم لحمله على الاعتراف، جامعة الازهر (كلية الشريعة)، دار الكتب القانونية، القاهرة، مصر.

21- ابن ماجه، ابو عبدالله محمد بن يزيد القزويني مشهور بابن ماجه، بلا سنة الطبع، سنن ابو ماجه، دار الفكر، بيروت، لبنان.

22- سمارة، محمد سمارة، 2010، أحكام واثار الزوجية، ط1، دار الثقافة.

23- الزلمي، مصطفى ابراهيم الزلمي، أحكام الزواج والطلاق في الفقه الاسلام المقارن دراسة مقارنة بالقانون، بلا سنة الطبع، منظمة نشر الثقافة القانونية، اربيل ، العراق.

24- الزحيلي: د. وهبة بن مصطفى الزحيلي، الفقه الاسلامي وادلته، بدون سنة الطبع، ج9، دار الفكر، ط4، المنقحة، سورية، دمشق.

25_ العسقلاني (أحمد بن علي ابن حجر العسقلاني)، 1949، الفتح البارئ شرح صحيح البخاري، ج12، دار المعرفة، بيروت، لبنان.

26- الصنعاني، 1920، عبد الرزاق بن همام أبو بكر الصنعاني، دار التأصيل, ج6، ط2، بيروت، لبنان.

چوارەم:توێژینەوەکان:

1- عبد الرحيم صالح محمود، 2010، (دراسه اصولية وفقهية)، بحث منشور في مجلة الدراسات الاسلامية، جامعه ملك السعود، المجلد22، العدد (1).

2- علياء محمود علي، (2017) الاكراه فى القانون والشريعة الاسلامية، بحث مقدم الى كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة ديالى.

3- د. طه خلف حميد الجبوري، (2012) ، الاكراه على الزواج ، دراسه مقارنة، بحث منشور في مجلة الرافدين للحقوق، كلية الحقوق، جامعة الموصل، العدد(53).

پێنجەم:یاساكان:

1- دەستوری عێراقی ساڵی(2005).

2- یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (188)ی ساڵی (1959) هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان.

3-یاسای سۆماڵی ژمارە(23) ساڵی (1976) .

4- یاسای باری کەسی فەڵەستینی ژمارە( 61 ) ساڵی 1976 .

5- یاسی باری کەسی لیبی ژمار(10) ساڵی (1984) .

6-یاسای باری کەسی ئوردەنی ژمارە(10) ساڵی(2019).

7-یاسای باری کەسی کویتی ژمارە(51) ساڵی(1984).

8-یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (188) ساڵی (1959) هەموار کراو بەیاسای ژمارە(15)ی ساڵی(2008)لە هەرێمی کوردستان.

9- یاسای خێزانی جەزائیری ژمارە (44-11) بۆ ساڵی (1984).

10-یاسای شارستانی عێراقی ژمارە(40)بۆ ساڵی (1941).

11. یاسای مەغریبی ژمارە(3-70) بۆ ساڵی(2016).

١٢- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە( 8) بۆ ساڵی (2011) لە هەرێمی کوردستان.

Abstract

The presence of pressure in the marriage contract negatively affects the path of justice and leaves repercussions, even the contract itself will deem invalid when the "consent" factor is missing, or incorrect religiously when the consent is under question, and ultimately; the contract will be legally considered as null.

Within the scope of this study, we are highlighting justice and effects of the pressure factor in the marriage contracts in the context of religious and legal texts, along with the legality of courts in this respect. We noticed during this study that the legal texts regulating this subject are scattered amongst the Iraqi civil law, the civil status law and the domestic anti-violence law in the Kurdistan Region. Accordingly; we have tried in this study to collect and legally analyze such texts in order to at least highlight the shortcomings of the said legal texts and to determine the obstacles hindering such texts. Meanwhile; we have tried to provide solutions as well as recommendations for such legal texts so as to amend those laws by legislators, especially such laws related to courts and its effects, such as the termination of the contract or the licensing of the same, and the method applied in compensating the damaging party if pressure suffers damages upon such party, as well as regulating imprisonment sentences against the abusive, as legal punishments for this abusive phenomena.